# گروپی ڕاچەنین

# بایکۆتی کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکـات

ڕۆژنامەوانان...

ڕای گشتی ...

بڕیـارە لــە مــانگی ئەیلولــدا " سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان " لـە سـیناریۆیەکی تـری ناسـراو و پێـشتر نمایـشکراودا "کۆنگرە"گرێبدات و بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەکاری تەواویان کـردووە ، ئێمـە لـە گروپـی ڕۆژنامـەوانی " ڕاچـەنین " دەمانـەوێت لـە ڕێگەی ئەم ڕاگەیەنراوەوە ڕۆژنامەنووسان و تەواوی ڕای گشتی بـەئاگا بێنینـەوە لـە مەترسـی بـەردەوام بـوونی سیناریۆی لـەو جـۆرە بۆسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان .

سەرەتا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە تا ئەمڕۆ " سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـان "وەك داخـوازی ڕۆژنامـەوانان و پێویـستی مێـژوویی ڕەوشــی ڕۆژنامەگــەریی کوردســتان بــوونی نــەبووە و دامەزرانــدن و یەکگرتنــەوە" سـەندیکا و یــەکێتی " ی نـا تەندروسـت بـووە و ئەوەنــدەی لــە واقیعــی ڕۆژنامەنووســان و ڕۆژنامەگــەرێتی لــە کوردســتان نــەگۆڕیوە ، هــەموو بــاش دەزانــین کــە دروســتبوون و یەکگرتنـەوەیان بـە فـەرمانی حیزبـی بـووە و بەداخـەوەش سـەدان ڕۆژنامەنووسیـشیان لـە گەمـە و ململانێـی حیزبایەتیـدا بـە نـاوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە تێوە گلاندووە ، هەربۆیە کاتی ئەوە هاتووە بایکۆتی ئەم واقیع و سیناریۆیە بکەین و ئازایانە و ئازادانە بڕیار لەسەر بوونی ناوەندێك بدەین کە بەرگری لە ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕۆژنامەوانی بکات .

بانگەوازی تەواوی ڕۆژنامەنووسانی ئازا و بـە ئاگا دەکـەین کـە ئـەمجارە بـە هـیچ پاسـاو و داخوازییـەك مـل نـەدەن و شـەرعییەت بـە ناشەرعییەتی سەندیکایەك نەدەن کە سەدان پرسیاری ڕۆژنامەوانان و ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی ئەم وڵاتەیان بەبێ وەڵام هێـشتۆتەوە و لەمەش زیاتر دەیانـەوێت بـەناوی کۆنگرەوە درێـژە بەتەمـەنی سـەندیکایەکی زەرد بـدەن کـە جگـە لـە ڕێکخراوێکـی حیزبـی سـیما و پێناسەی هیچ سەندیکایەکی ڕاستەقینەی پیشەیی نایگرێتەوە ، سەندیکایەك کە بەدرێژایی تەمەنی نەیتوانی چابوکانە بـەرگری لـە ڕۆژنامەنووسان و ئازادی ڕۆژنامەگەری بکات و دەستبەرداری ئیمتیازاتی سەرکردایەتییەکەی بێت لە پێناو بەرژەوەنـدی پیـشەگەرانی بـواری ڕۆژنامەوانیـدا و خـۆ سـەرقاڵکردن بـەکاری لاوەکییـەوە ، چـیتر بـە پێویـست نازانرێـت کـە ئـەم فـۆڕم و ناوەڕۆکـە بـەناوی سەندیکایەکی چەند هەزار ڕۆژنامەنووسییەوە درێژە بە تەمەنی بدات و لە بەرامبەریشدا ڕۆژنامـەوان و ڕۆژنامەگـەریی لـە گرفت و قەیرانی بابەتیانەیدا بژی .

پێویستە سەندیکایەك کە کـەمترین قـسەی هـەبووە لـە بەرامبـەر گـرتن و هەڕەشـەکردن و بەرتەسککردنەوەی بازنـەی ئـازادی کـاری ڕۆژنامەگەریدا و بێ ورتەبووە  لە بەرامبەر کەمکردنەوە و بڕینی بەخشینی پارەی پاڵپشتی " مینحە " بە میدیای ئازاد بگۆڕدرێت و ڕۆژنامەنووسان بە بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی پیشەیی خۆیان و ڕۆژنامەگەریی کوردی دەستیان لە گۆڕان و سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی ئاوەها سەندیکایەکدا هەبێت .

بۆیە داوا لە ڕۆژنامەنووسان دەکەین بایکۆتی ئەو کۆنگرەیە بکەن کە هەر لە ئێستاوە نەقیب و جێگر و سکرتێر و ئەنجومەنی بـاڵا و سـەرۆك و ئەنـدامانی ئەنجومـەنی لقـەکانی بـە بەشـە حیزبـی دیـاریکراون و بـەمجۆرەش دیـسانەوە لـە نمونـەی سـەندیکای پێـشوو ڕێکخراوێکی بەرەیی حیزبی نەك سەندیکایی دروست دەکەن . گروپـی ڕاچـەنین بـەردەوام دەبێـت لـە جۆرەها چالاکی بـە مەبەسـتی هێنانە ئارای کۆدەنگییەك بۆ بایکۆتکردنی ئـەو کۆنگرەیـە و بانگـەوازی سـەرجەم ڕۆژنامەنووسـان دەکـات کـە هاوکـاری ئـەم هەوڵـەی گروپەکەبن کە جگە لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسان ئامانجێکی تری نییە .

نا بۆ سەندیکایەکی زەردی ڕۆژنامەگەریی .... نا بۆ پۆستپێدانی حیزبی لە سەندیکا ...

بەڵێ بۆ سەندیکایەکی کارا و دڵسۆز و خەمخۆر بە ڕۆژنامەوان و ئازادی ڕۆژنامەگەریی

گروپی ڕۆژنامەوانی" ڕاچەنین "

2007/8/28